# کوردیە پەیڤم کوردیە هەســــتم

# هەر کوردە تەنیا ڕێگە و مەبەستم

## ئەحمەد دەشتی

ئەوانەی کە بە زمانی زگماکی خۆیان دەپەیڤن و لەهەموو بوارێکەوە سەربەرزانەو دڵسۆزانە شانازی بە زمانی شیرنی خۆیان دەکەن و لە هەموو چاو پێ کەوتن و پەیڤیەکانیان دا لە گەل ڕۆژنامەوان و بێگانەکان و لە کۆڕ سیمینارو چاوپێ کەوتنەکان دا بۆ ڕێز نان و چەسپاندنی لەزمانی کوردی باوک و باپیرانیان سەربەرزانە تەنیا بە زمانی شیرینی کوردی خۆیان دەپەیڤن و زمانی خۆیان لە هەموو زمانێکی تری بێگانەکان لە هەموو بوارێکەوە بە باشتر بۆ پەیڤیان دادەنێن ئەوانە کوردانی مەزن و دڵسۆزی خاک و نەتەوەکەیانن کەوا زمانەکەی خۆیان لە یاد ناکەن و سەربەرزانە بەکاری دێنن ، ئەوان کەسانە مایەی شانازین و جێگەی سەر بڵندی گەلی کوردو کوردستانن ، بە هێز کردنی زمانی باوک و باپیران و دوور خستنەوەی خۆیەتی لە پەیڤین بە زمانی بێگانە لە کارو بارە ڕەسمیەکانی ئەمڕۆ دا بۆ خۆی هەیبەتێکی گەلێ مەزنی کوردە بۆ چەسپاندنی زمانی کوردی و فێربوونی خەسلەتێکی تا بلێی مەزنە بۆ کوێر کردنی چاوی هەموو ئەوانەی کە هەتا ئەمڕۆش هەر وەک کە مافی کوردیان زەوت کردووەو دانی پێ ناهێنن و ئاواش دانیان بە زمانی کوردی نەهێناوە و بگرە کورد هەر بە میللەتیش نازانن و هەمیشە دژ بەکوردو کوردستانن ئەم هەیبەتەی بە زمانی خۆ پەیڤین کوێرکردنی چاوی نەیارانهی کوردە ، دەسا با هەموو

www.kurdistannet.org

کوردێ پێش هەموو بێگانەیێ دان بە زمانی خۆی بنێت و هیچ بڕو بیانیەک بۆ پەیڤین بەزمانی بێگانە نەهێنتەوە،با گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان لە هەموو بوارێکەوە خاوەنی خۆی بێت و بە تایبەتی کە بوونی زمان گەورەترین بنەمای بوونی هەر گەلێکەو ئەوانەی کە ناشیانەوێ بە زمانی شیرینی دایک و باوکی خۆیان بپەیڤن و زمانی بێگانەکان دەکەن بە سەرمەشقی هەموو گفت و گۆو کاری ڕۆژانەیان،پێم وایە تەنیا خزمەت کردنە بە زمانی بێگانەکان و رێز نەگرتنە لە زمانی خۆ، ئەمڕۆ کە گەلێ کورد هەلێکی پیرۆزی بۆ هەلکەوتووەو لە کوردستانی باشور دا وا خەریکە خۆی دەچەسپێنێ و بوونی خۆی بە نەیارانی کوردستان و تەواوی جیهانیان دەسەلمەنێ بۆیەکە پێم وایە کە گەورەترین خزمەتیش ئەوەیە کە هەموو کوردێک بە تایبەتی بەر پرسیارانی کورد هەیبەت و بوونی زمانی کوردی لە کۆڕوسمینارەکان لە گەل بێگانەکان دا بپارێزن و لە هەموو شوێنێک دا بیسەپێنن ، کە تەنیا دەبێ بە زمانی شیرینی کوردی خۆیان بپەیڤن و بۆ خۆیان وەک کوردێک زمانی کوردی لە کوردستان و ئێراق و جیهان دا وەک کە زمانی عارەبی کەچەسپاوە زمانی کوردیش ئاوا مههزن بکەن و بیسەپێنن ،چونکە ئەمڕۆ بە پێی یاساش بڕیارە کە هەموو کوردێ مافی خۆیەتی کە بە کوردی بپەیڤی و وەک عارەبێک کە بە زمانی خۆی دەپەیڤی کوردەکەش ئاوا لە ههموور شوێن و کات و ساتێک دا لە بچوک تا گەورە دەبێ زمانی کوردی خۆی بکا بە زمانی ڕەسمی و بیپارێزێ ، پێم وایە ئەو کوردانەی کە بە زمانی بێگانە لە کارو بارەکانی بە تایبەتی سیاسی دا دێەئاختن و بە زمانی خۆیان ناپەیڤن ئەوا خزمەت بە زمانی بێگانە دەکەن، خۆ ئەگەر لە دێرۆکی کۆنەوەش بڕوانین دەبینین کە بە هەزاران

www.kurdistannet.org

کوردانی بلیمەت و زاناو مامۆستایان بە زمانی شیرینی کوردی خۆیان پێنوسیەکانیان وەکار خستووە و ئەو هەمو پەرتوکە بەنرخانەیان بە زمانی بێگانە نوسیوە تەنیا خزمەتیان بەو زمانهەوە کردووە ئەگەر بهاتبایە بە زمانی کوردی خۆیان نوسیبایا ئەوا ئێمەی کوردیش لە جیهان دا هەر لە زووەوە دەبووین بە خاوهنی خۆمان و قەورەیەکی میللیمان بۆ دروست دەبوو و جیهانیان دانیان بە زمان و نەریت و بوونمان دەهێنا و ئەوەندە کاریگەریەتی نەیارانی کورد بە سەرمان دا نەدەچەسپا ،من وەکو کوردێک هەمیشە ئازار بەوەوە دەکێشم کە دەبینم ئێستاش گەلێ هەن کە پەیڤین و تەنانەت نوسینیشیان بە زمانە بێگانەکە لە زمانی خۆیان بەلاوە باشتر و فەرز ترەو بۆ ئەوەش بەلگەی ناڕاست و ناڕەوا دەدۆزنەوە کە گوایە دەیانەوێ بێگانەکان ڕازی بکەن (کورد لە مێژە گوتویانە تا ماڵ هەبێ مزگەوت حەرامە) با ئێمەی کوردیش ڕێزی زمانی خۆمان بە تەواوی بگرین و لە هەموو عێراق و دەرەوەش دا پێش زمانی بێگانە بە زمانی کوردی خۆمان بپەیڤین و بیسەپێنین و لە چاو پێ کەوتنەکان و سمینارەکان دا با پەیڤەکانمان بۆ خۆمان بێت و با زمانی بێگانە لە پێش هەموو شتێ بۆ خزمەت بەوان بێگانانە لای خودی کەسایەتی خۆمان قەدەغە بکەین لە کارە ڕەسمیەکانمان دا و چاوی هەموو نەیارانی کوردستان و داگیرکەرانی کوردستان کوێر بکەین و پێیان بڵێین کە کوردیش خاوەنی بوونی خۆیەتی و زمانی کوردی زمانی ڕەسمیمانەو بە هۆی هەندێ بەلگە ناڕەواو ناڕاستەکان با هەرگیز زمانی خۆمان لە یاد نەبەینەوە و لە هەموو شوینە گرنگەکانیش دا بە زمانی دایک و باوکی خۆمان بپەیڤین و خۆمان بە دەستی خۆمان

www.kurdistannet.org

زمانمان تەعریب و تەتریک و تەفریسی نەکەین و ئەم خزمەتە گەورە و مەزنەمان بە کوردو کوردستان بکەین و با یادی نەوەکانی ئایەندەمان بدەین کە ئەوانیش هەر بە زمانی کوردی خۆمان بپەیڤن.

بەراستیجێگەی داخە لە ئەمڕۆی دونیای تەکنەلۆژیا دا تەنیا ئەگەر یەک بێگانەشمان لە گەل دا بێت ئەوا زمانی خۆمان دەگۆڕین و خۆمان بۆ خۆمان زمانەکەی خۆمان لە یاد دەکەین و بەزمانی بێگانەکە دەپەیڤین کە ئەمە خەسلەتێکی دێرینە یە لە مێژە وایان فێرکردووین ، پێم وایە هەر بۆیەشە کە داگیرکەرانی کوردستان لە کۆنەوە هەمو ڕازو نیازێکمان لە خۆمان زیاتر دەزانن و چاکمان شارەزا بوونە و بۆ خۆیان زۆر جاک تێمان دەگەن ، بەسە با ئێمەی کورد واز لەم خەسلەتە زشتە بێنین و زمانی کوردی دژ بەنەیارنەوە هەر مەزن بکەین و با ئەم کارە بە وەرگێڕان بسپێرین و وەرگێڕ پێی هەستێت و ئەمەش دەبێتە زیاتر گەورەیی و شانازی و هەیبەتی زمانی کوردی ، دەبینین کە هەر میللەتە بۆ خیان لە هەموو کۆڕ و سیمینارەکان و لەناو مەجلیسی ئاسایش و دونیادا تەنیا بەزمانی خۆیان دەپەیڤن و بە هەمو زمانانی دونیاش بۆیان وەردەگێڕدرێت.

www.kurdistannet.org